# ئابووریو هەرێم لە نێوان بازاڕی كارو تایبەتیكردندا

نیاز نەجمەدین*

**سەرەتا..**

بەدرێژایی مێژوو، قۆناغ لە دوای قۆناغ مرۆڤایەتی كاری نوێ بەئامرازی بەرهەمهێنانی نوێی هێناوەتە كایەوە. هەر قۆناغێك شێوازێكی بەرهەمهێنانی تایبەت بەخۆی هەبووەو چەندین جۆری كار لەناوچوونو چەندینی دیكە هاتوونەتە جێگای، ئەمانەش بەتێكرا بەشی زۆری هاوكێشەكانی بازاڕی كاری گۆڕیوە.

لەپاش ئەوەی عێراق لەوداخراویە ئابووری سیاسیەی تیایدا دەژیا رزگاری بوو، هێدی هێدی تێكەڵ بە شەپۆلەكانی جیهانگیری بوو، چەندین گۆڕاوی نوێ هاتنە كایەوە. ئابووری و هەرێم چ لەكەرتی گشتی و چ لە هەوڵیدا بۆ هاتنە ناوەوەی كەرتی تایبەت بەشێك لە شێوازی كاركردنی گۆڕی و لە پشت بەستنی تەواو لە فاكتەری كار، گواستییەوە بۆ پشتبەستن بەئامرازو تەكنیكی نوێ. هەرلەم ساتە وەختانەشەوە باسی بەتایبەتی كردن وەك مۆدێلێكی ئابووری و بۆ چالاككردنی ئابووری و رزگاربوون لەگەندەڵیی ئیداریی هاتە ئاراوە.

ئەو گۆڕاوانەی لەپشت ئەم گۆڕانكاریانەی بازاڕی كارەوەن بەشێكیان لۆكاڵینو بەشێكیان پەیوەستن بە شەپۆلەكانی جیهانگیرییەوە كەلەم خاڵانەی خوارەوەدا كورتیان دەكەینەوە

**گۆڕانكاری لەتەكنیكی نوێی بەرهەمهێناندا**

ئەم گۆڕانكاریانەی بەسەر هەیكەلی ئابووری هەرێمدا هاتوون، كە لەهەندێك ئاستدا بریتین لە هاتنی تەكنۆلۆژیای نوێی وەك كۆمپیوتەر، هاوكات لەگەڵ هەوڵی چەسپاندنی بەتایبەتی كردن، دەبنە سەرچاوەی گۆڕان لەبازاڕی كاردا. هاتنی تەكنۆلۆژیای نوێ، كۆمپیوتەرو ئامێری نوێ، بەتەنها هۆكارێك نین بۆدەركردنی كارمەندان بەوسیفەتەی كە ئەو تەكنۆلۆژیایە دەتوانێت هەمان بری بەرهەمیان زیاتریش بەرێژەیەكی كەمتر لەكارمەندان جێبەجێ بكات، بەڵكو ئەو تەكنۆلۆژیا نوێیە پێویستی بەكارمەندانی لێهاتوو هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵیدا، كە ئەمانە دەگمەنن لە هەرێمدا، لەهەردوو كاریگەریەكەشیدا ئەو جۆرە بێكاریەی لێ دەكەوێتەوە كە بەبێكاری بونیادی و (هەیكەلی) ناسراوە، لەهەمان كاتیشدا خواست لەسەر كارمەندە كارامەكان زیاتر دەكات، بەشێكی دی كارمەندانیش لەو شوێنانەی كاركردن جێدەمێنن كە كرێیەكی نزمیان هەیە.

كەرتی تایبەت مۆڵگەی یەكەمی پراكتیككردنی ئەم تەكنیكە نوێیەیە، هەربۆیە گەڕان بەدوای كەسی شیاوو بەتوانا دەبێتە خاڵی سەرەكی پرۆگرامی بەرهەمهێنانو خزمەتگوزارییەكانی كەرتی تایبەت، بەوپێیەش كەهەتا ئەمرۆ لە نێو كرێكارانی هەرێمی كوردستاندا (عێراقیش بەهەمانشێوە) بەزەحمەت بەدی دەكەین، ئەوا بێكاری بونیادی ئەگەرێكی نزیك و چاوەڕوانكراوە.

بەكورتی ئەو فاكتەرە خواست لەسەر كارمەندی كارامە زیاد دەكات، بەلام چونكە كێماسی كارمەندی كارامە هەیە، ئەوا بەشێكی ئەو كێماسیە بە هاوردنی ئەو جۆرە كارمەندە لەولاتانی دیكەوە پردەكرێتەوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا خواست لەسەر كارمەندانی كەم كارامە وەك دەرچووانی سەرەتایی و ئامادەیی كەمدەكاتەوەو بەشێكیشیان بێكاردەكات.

**گۆڕانی دیمۆگۆافی**

بەرزبوونەوەی رێژەی دانیشتوان بە رێژەی (3%) سالانە، هەروەها زیادبوونی دانیشتوانی سەروو تەمەنی (16) ساڵ لە ئەنجامی باشتربوونی ئاستی باری تەندروستیو رەقهەلاتنی یاساكانی خانەنشینیو بەرزبوونەوەی تێچوونی بژێوی ژیان كە كرێكارانی ناچار كردووە قوربانی بە كاتەكانی پێشووی خۆیان بدەن..هتد.

لە هەمان كاتدا گفتوگۆكردنە لەسەر پەیوەندی نێوان هەڵئاوسان و بێكاری، ئەگەرچی بەرزبوونەوەی نرخ لەهەرێمدا لەسەر حسابی كەمبوونەوەی رێژەی بێكارییە، بەلام وەك راستیە مێژووییەكان دەریان خستووە، ئەم پەیوەندییە كاتیە، هەر بۆیە گەر سیاسەتی ئابووری لە هەرێمدا سیاسەتێكی ئەكتیف نەبێت و گەشە بەتواناكان نەدات، ئەوا ئابووری هەرێم لەیەككاتدا ڕووبەڕووی هەردوو دیاردەی هەڵئاوسانو بێكاری دەبێتەوە.

**بەشداری ئافرەتانو پێگەیان لەبازاڕی كاردا**

كرانەوەی كۆمەڵگەی كوردەواری بەڕووی جیهانداو تێكەڵبوونی بەشەپۆلەكانی جیهانگیری لە ئەنجامی گەشەكردنی زانستو تەكنۆلۆژیا لەم ساڵانەی دوایدا بەشێوەیەكی رێژەیی، بەشێكی زۆری لەو كەلتورە كۆمەلایەتیەی گۆڕی كە ئافرەتی تەرخان كردبوو بۆ كاری ماڵەوە، هەروەها بەرزبوونەوەی نرخیش بەش بەحاڵی خۆی بەدەوری خۆی بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی مناڵ( منالبوون)و بەخێو كردنی لەسەرە، لێرەشەوە مۆڵەتی یاسایی(دایكایەتی)یان پێویستە كە تا ئێستا لەكەرتی تایبەتدا فەراهەم نەكراوە، نزمی ئاستی كارامەیی و تواناشیان فاكتەرێكی دیكەی نزمی كرێیانە. رەگەزی مێ وەك چۆن لەبەشێكی گەورە لەو چالاكییە ئابووریانەی كەرتی تایبەت پێی هەڵدەستن، كرێیەكی نزم وەردەگرن، بەهەمان چەشنیش لەكەرتی حكومیشدا هەروان، بەلام هۆكاری ئەمەی دواییان وابەستەی هەرەمی ئیداریو سیستمی دابەشكردنی كارە لەكەرتی حكومیدا كە پشتبەستووە بەسیستمی كۆمەلایەتی پاتریاركی، پیاوان چانسی زیاتریان هەیە لەوەرگرتنی پۆستە بەرزەكان، بەمەش بە تێكرا كرێی پیاوان بەرزترە لە ئافرەتان. بە تێكرا ئەم رەگەزە كێبەركێ لەنێوان كارمەندان بەهەردوو رەگەزەكەوە، بەهێزتر دەكات.

**سیاسەتە گشتییەكانی حكومەت ( سیاسەتی دامەزراندن )**

ئەزموونی ئەم (15) ساڵەی 47.6% یان بروانامەی خوێندنی سەرەتاییان هەیە.

19.1% بروانامەی خوێندنی ناوەندییان هەیە.

%15.2 بروانامەی خوێندنی ئامادەییان هەیە.

9.8 % بروانامەی خوێندنی دبلۆمیان هەیە.

0.75% بروانامەی خوێندنی بەكەلۆرۆسیان هەیە.

ئەمرۆ دامەزراوان تێكەڵەیەكن لە كەسی بەتواناو كەسی بێ توانا، كارامەو ناكارامە. بەلام بەشی زۆرینەی لە ریزی ناكارامەن، ئابووریناسان بەمجۆرەی كارمەندان كە بەرهەمیان نییە دەڵێن: بێكاری روپۆشكراو(underemployment) .

سیاسەتی دامەزراندنی بەلێشاوی فەرمانبەران لەساڵانی رابردوودا سیاسەتێك بوو ئەنجامەكەی كپكردنو كەمكردنی رێژەی بێكاری بوو، نەك چارەسەری. ئەو سیاسەتە بەشداربوو لە بەهێزكردنی تواناكانی ئەو سامانە مرۆییەی كەلەناو دەزگا حكومییەكانەوە بەشێكیان نارازین لەئاستی گوزەرانیان، جۆری كارەكانیانو كاتژمێری زیادەی كاركردن بەبێ بەرامبەر (یاخود دانانی كرێ بۆ كاتی زیادە) ئەمانە بەشدارن لە سیستمی جوولەی فەرمانبەران لەكەرتی حكومەتەوە بۆ كەرتی تایبەت. ئامادەیی كارمەندان لەم گواستنەوەیەدا ئامادەییەكی پڕ لە دڵە راوكێیە.

سیستمی خوێندنیش، هاوكات لەگەڵ تەرخان نەكردنی بودجەی پێویست بۆ گەشەدان بە تواناكانی كارمەندان لە رێگای بەشداریان، بۆ نموونە، لە كۆرسەكانی ناوخۆ لەدەرەوەدا، بەشدارە لەگەشەنەدان بەتواناكانی كارمەندان.

سیاسەتی حكومیوەك دامەزراندنو رەقهەلاتن یاسای كارو گۆڕانكاری تەكنۆلۆژی، لارەسەنگی(اختلال)ی لەدابەشكردنی كرێكاران بەسەر كەرتە ئابوورییەكاندا دروست كردووە. هەروەكو چۆن ناهاوسەنگیش لەڕووی چۆنایەتیەوە دروست كردووە لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان، رێژەی تایبەت كاران لە(6.2%)وە

ئەمانە لەریزی ئەو فاكتەرانە دەبن كەخستنەڕووی كار زیاد دەكەنو بەمەش دەشێت رێژەی بێكاری بەرز بكەنەوە، هەروەك چۆن رێگر دەبن لەبەرزكردنەوەی كرێی كارمەندان بەتایبەتی كە دەزگای بەرهەمهێنان ئێجگار لاوازە، خۆ ئەگەر ئەم بارەش وەك پێشتر تەنها بەخەرجی حكومی، خەرجیەك كە بە ئاراستەی هاندانی بەرهەمهێنان كارنەكاتو هەوڵی بەرزكردنەوەی رێژەی بەرهەمی نەتەوەیی نەدات. ئەوا دیسانەوە ئەمە نابێتە چارەسەر بەڵكو تەنها كپكردنەوەی بێكارییە.

ئەم بیرۆكەیەی سەرەوە بەشداری كردووە لەزیاتر هێنانەوەی ئەم رەگەزە بۆ ناو بازار. لێرەوە ئافرەتان بوونەتە بەشێكی دانەبڕاو و پێویستی ئەمرۆی بازار.

ئەم رەگەزە (رەگەزی مێ) كە هاتە ناو بازار لەلایەك بەشێكی بێكار دەبێت و رەنگە بەشێكی گەورەی رێژەی بێكاران پێكبهێنێت، لەلایەكی تریشەوە كرێی نزم دەبێت، چونكە بەپێی هەلومەرجی كۆمەلایەتی، دەبێت بەدوای كاری مەكتەبیدا بگەرێت، تا لەكاتی خۆیدا بگاتەوە ماڵ، هەلومەرجی سروشتیش وا دەكات كە كۆمپانیاكان خواستیان لەسەریان لاوازبێت، چونكە ئەم رەگەزە بەسروشت رابردوو سەلماندی كە كەرتی گشتی ناتوانێت سەرچاوەیەك بێت بۆ دروستكردنی هەلی كار، بەو هۆیەوە كەباری دارایی گران دەبێتو دواجاریش بەرهەمداری كارمەند دادەبەزێت. حكومەتی هەرێمی كوردستان چەند ساڵێكە سەرقاڵی دامەزراندنی فەرمانبەرانە بە ئەندازەیەك كە ژمارەی كارمەندانی حكومەتی هەرێم نزیكەی (182297) كارمەندە، بەمەش زیاتر لە نیوەی ئەو هێزی كارەی كە لەتەمەنی (15–65) ساڵین، واتە نزیكەی (59%)ی هێزی كاری چالاك لەكەرتی حكومیدا كاردەكەن. لەم رێژەیەش نزیكەی: بەسەربردنیان لەناو ئەو دامو دەزگایاندا، بەلام هێشتا دەرفەتی گواستنەوەیان نییە بۆ كەرتی تایبەت بەتایبەتی رەگەزی مێ. ئەوەی ئەم بارەی راگرتووە تا ئەمرۆ، ئەو چەند ئیمتیازاتەیە كە كەرتی حكومەتی بۆ كارمەندانی دابینی كردووە كە كۆمپانیاكان تا ئێستا دابینیان نەكردووە. وەك ئومێدی وەرگرتنی زەوی و مۆڵەتی منال بوون، رادەی خزمەتی خانەنشینی كردن، هەروەها تا ئەمرۆ رێنمایی تایبەت نییە بە رێكخستنی پەیوەندی نێوان كارمەندو خاوەن كار لە كەرتی تایبەتدا، یاسایەك نییە كەرتی تایبەت ناچار بكات بە قەدەغەكردنی هونەرییەكان (تەكنیكاران) رێژەی (2.5%) لە كۆی هێزی كار پێكدەهێنن. لەسەر ئاستی كەرتەكانیش، كەرتی خانووبەرەو بەكرێ دان بەهۆی قەیرانی خانووبەرەو بەرزبوونەوەی كرێی كرێكارانی بیناسازی، رێژەی(36.4%)و كشتوكاڵ كە بنەمای سەرەكی گەشەدانە بە ئابووری هەرێمی كوردستان رێژەی (25.3%)و گواستنەوەو ئەمباركردن رێژەی (7.8%)وە خزمەتگوزاریی كارەبا رێژەی (14.2%)و دەرهێنانی كانزاكان (1.4%) پێكدەهێنن. ئەمانەش مانای بەكارهێنانی تەكنۆلۆژیای نوێ نییە لەم بووارانەداوەك كەرتی



كانزاسازی، بەڵكو لە ئەنجامی لاوازی دەزگای بەرهەم هێنانو توانای بەرهەمهێنانی ئەم كەرتانەو لەخۆگرتنی هێزی كار لەلایەن حكومەتو گەشەنەدان بە تواناكانیان، سەرچاوەیان گرتووە. بەهۆی ئەم شێواندنانەوەیە رێژەی بێكاری بەشێوەیەكی كپكراوو كاتی نەبێت دانەبەزێت. بەتایبەت كە میكانیزمەكانی گەران بەدوای كاریشدا میكانیزمێكی لاوازنو نە ئینتەرنێتو نە ئۆفیسەكانی دۆزینەوەی كاری تێدا بەكار نەهێنراوە. سەرجەم ئەم خالانەش بەشدارن لە قوڵكردنەوەی گرفتی هەژاری لە هەرێمی كوردستاندا.

**پوختە**

ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر هەیكەلی ئابووری هەرێمدا هاتوون لەئەنجامی گەیشتنی شەپۆلەكانی جیهانگیری بەهەرێم و هەوڵی چەسپاندنی مۆدێلی بەتایبەتی كردن، گۆڕانكاری گەورەی بەسەر بازاڕی كاردا هێناوە. لەلایەك بەشێك لە هێزی كار لەهەرێمدا فرێ دەداتە ناوگۆمی بێكاری، لەلایەكی دیكەوە بەشێكی دەخاتە ناوگۆمی كارەوە.

ئەم گۆڕانكاریانە خواست لەسەر كارمەندی شارەزاو كارامە زیاد دەكەن. بەلام بەوهۆیەوە كە هێزی كاری كوردی خاوەن كارامەییەكی نزمە ئەوا لە هەندێك ئاستدا خواست لەسەر كارمەندی دەرەكی زیاد دەكات بەتایبەتی لە بواری تەلەفۆنو مۆبایلو ئینتەرنێتدا. بۆیە هێزی كاری كوردی بەهۆی زیادبوونی خستنەڕوویەوە لەئەنجامی زیادبوونی هاوسەرێتی و دانیشتوانو هاتنە ناوەوەی رەگەزی مێ بۆ بازار، ئەوا كرێیان لە ئاستێكی نزمدا دەبێت، هەروەك چۆن دەبنە رێگر لەبەردەم گەشەی زیاتری ئابووریو پراكتیكبوونی مۆدێلی بەتایبەتی كردنو بەهێزبوونی ئابووری هەرێم لە نێوان ئابووری جیهاندا. لە هەمان كاتیشدا نزمی كرێش بۆ خۆی بەشدارە لەنزمی كارامەیی كارمەندا. سیستمی فێركردنیش رۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لەنزمی كارامەییو توانای كارمەندانو سیستمێكە توانای خۆ گونجاندنی لەگەڵ پێویستییەكانی بازاڕدا نییە.

ئەم هەلومەرجە بەرلەهەموو شت پێویستی گەشەدان بەتواناكانی كارمەندان لەرێگای كۆرسەكانەوە دەكاتە ئەركێكی هەنووكەیی، سەرباری رێكخستنی بازاڕی كار لەڕێگای یاسا و رێنماییەوە .

*مامۆستای بەشی ئابووری زانكۆی سلێمانی

**سەرچاوەكان:**

1.2003 ، Gregory mankiw , macroeconomics,
2.د. نبیل حشاد ، قچایا اقتصادیە معاصرە ، 1996 .
3.ئینتەرنێت : www.gooogle.com
4.جریدە الاتحاد: زنجیرە وتارێك دەربارەی وەبەرهێنان لە كوردستاندا بەزمانی عەرەبی، نووسینی محەمەد كەریم ناوەڕاستی ساڵی 2005 .